# "هەڵبژاردن و پڕۆپاگەندەی ناعەقلانی"

نووسینی: شێرزاد حەسەن

ساڵ پترە گوێمان لە دەنگ و باسی جیایە و دەیەها دیدەنی و گفت و گۆو پروپاگەندەی زۆر و بەڵێنی هەڵبژاردن و رازیبوون بە ئەنجامی چاوەڕوان نەکراو. من زۆر دڵنیام کە هەڵبژاردن هەبێت و نەبێت، هێز و دەستەلآت و سامانی ئەم کوردستانە هی خۆتانە, بۆ خۆتانە لیستی هەڵبژاردنی هەر دوو حیزبەکە چ لە یەکدی جیا بن و چ بە یەك لیست بچنە ناو هەڵبژاردنەوە هەر هەمان ئاکامی هەیە, ئەویش ئەوەیە کە تازە ئەم حیزبانە دەستبەرداری دەستەلآت نابن, چونکە دەستەلآتداری لەم وڵاتەی ئێمەدا پتر لە میراتگری دەچێت کە ئەوەی چووە سەر کورسییەکە مەحاڵە دابەزێت (مەگەر خوا بۆ خۆی بیباتەوە), هەڵبەت کە مردیش بۆ کوڕ و کوڕەزاکانی بەجێیدێڵێیت, ئەوەی لە کوردستان بەڕێوە دەچێت (سیاسەت ) نییە , بەڵکو (عەقڵی شوانکارەیی )یە کە عەقڵی سەردەمێکی دەرەبەگییە کە بڕوای تەواوی بە جیاکردنەوەی ( خێڵ و هۆزەکان ) هەیە لە یەکدی و رەسمکردنی سنووری نێوان خێڵەکان کە بە جۆرێکە دەگاتە پای ئەوەی (دۆڵ و شاخ و ئاوو روبارو چەم و مێرگ و زەوی بە پیت ) لە نێوان ئەو خێلآنەدا دابەش دەکرێن کە مەحاڵە خێڵێك بوێرێت کەڵك لە ئاو

و رووباری خێڵەکەی دراوسێی وەربگرێت, یان زاتی ئەوە بکات کە مەڕ و بزن و ڕەشە وڵاغەکانی ڕاداتە ناو مێرگی ئەویدیکەیان, هەر ئەوەشە کە پێی دەوترێت رۆحی (پاوانخوازی ) کە بە درێژایی سیاسەتی کوردی, نەك هەر لە عێراق, بەڵکو لە کوردستانی باکوور تورکیا و لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر هەمان ڕۆحی پاوانخوازی  وایکردووە حیزبێکی گەورە رێگە نەدات حیزبە بچکۆلەکانی دیکە پشکی بەشدارییان هەبێت, نەك لە کادر و کردەی سیاسیدا لەسەر وەختی ئاشتیدا, بەڵکو لەو ڕۆژانەی کە هەموو حیزب و هێز و گروپەکان لە قۆناغی شەڕی بەرگری و رزگاریدان, نموونەش ئەزموونی  پەکەکەیە لەوەی کە بێجگە لە خۆی هەر هەموو حیزبەکانی دیکەی ناو گەمەی سیاسی کوردستانی باکووری لە لا پەسند نەبووە، ململانێ و ناکۆکی خوێناوی حیزبە کوردییەکانی کوردستانی باشوور و رۆژهەڵاتیش هەمان باری ناهەمواری سیاسەتی کوردان بووە، هەر یەکەو ئەویدیکەی  بە خیانەتکار لە قەڵەم داوە، جا چ بروایان بە ململانێی ئاشتیانە هەبوبێت , چ ئەوانەی کە لە شاخەکان بڕوایان بە بەرگری چەکداری هەبوبێت .

کەواتە هیچ حیزبێك لە کوردستانی باشوردا نادۆزینەوە بڕوای بە گەمەی هەڵبژاردن هەبێت و بیەوێت لە ڕێی سندوقی دەنگدانەوە دەستەڵات ئاڵوگۆڕ بکات، ئەگەر حیزبە بچکۆلەکانیش هاواری نارەزایەتییان لێ بەرز بێتەوە هی ئەوەیە کە ( برا گەورەکان ) وەك هەمیشە دەستەڵات قۆرغ دەکەن و بەشی (شێر ) بۆ خۆیان دەبەن, لە دوا ڕاگەیاندندا هەر وای

لێهاتەوە, هەر دوو حیزبە پاوانخوازەکە کورسیەکانیان دابەش کرد و چەند کورسییەکیش دەبەخشن بە حیزبە بچکۆلەکان (مەبەستم لە بچکۆلە ناسنامەی روحی و ئەخلاقی ئەو حیزبانە نییە , بەڵکو بچکۆلە وەك ژمارەی ئەندامانی سەر بەو حیزبانەیە ), چونکە گەورەی حیزب لە هەڵگرتنی ئەو پەیامە پیرۆز و رووکارە ئەخلاقییەیە کە هەیەتی, گەر نەیبوو ..ئەوە دەکرێت وەك کۆمەڵە کەسانی عاشق بە دستەڵات و مشەخۆر سەیریان بکەین کە دوا جار دەبن بە کەڵەگا بەسەر خەون و چارەنووسی خەڵکەوە, لە دوا راگەیاندندا بیستمان کە ئەگەر چی هەر دوو حیزبی حوکمڕان لەسەر دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان رێك کەوتوون, بەلاّم ئەگەری ئەوە زۆرترە کە سەرباری ئەو رێکەوتنە هەر دوو لایان درێژە بە هەر دوو حکومەتی هەرێم لە ( هەولێر و سلێمانی ) بدەن, جاریَ دەبێت ئەوە بزانین کە یەکگرتنەوەو یەکنەگرتنەوەی هەر دوو ئیدارەکە وەکو ( چاوەڕوانی گۆدۆ)ی لێهاتووە, بۆیە سەیر نییە کە دیسانەوە گەمەی دابەشکردنی کوردستان, بە خەڵك و خاکەوە, بەردەوامی هەبیَ , دیارە لەوەشیاندا دابەش کردنی ئەو هەموو دوکان و بازاڕ و دونیای سەرمایە و بازرگانییە دەگرێتەوە کە هەر دوو حیزب تیایدا نوقمن, کە ئەوەش دەکاتە گەرمکردنی گیرفانی هەموو ئەو بازرگان و سەرمایەدارانەی کە لە ناو خودی حیزبەکاندا هەن و ئەوانەشی کە بە دەیەها رایەڵی ئاشکرا و نهێنی بەرژەوەندیان بەو حیزبانەوە بەستراوەتەوە, جگە لەوەش یەکگرتنەوەی هەر دوو ئیدارەکەی هەرێم (سلێمانی و هەولێر ) واتا لە دەستدانی سەدەها پۆستی وەزیر و جێگری وەزیر و بەڕێوەبەرەکان و

دارودەستەو دامەزراوەکانی سەر بە هەر دوو لایان کە خودی ئەم دۆخە وا دەکات سەدەها لەو خاوەن پۆستە گەورانە دەست بە دوعاوە بن کە هەر حیزبە و (پاوان ) ی خۆی هەبێت, بێجگە لەوەی کە هەر دوو حیزب بەردەوام لە خەونی ئەوەدان کە تا پێیان بکرێت خێڵ و هۆزەکانی دەڤەری خۆیان تێر بکەن, ئەو هەموو ئاغازادەو بەگزادەو و شێخزادە و چەلەبی زادە و میر و پیرە رازی بکەن , لە دوا راگەیاندندا گوێمان لێنەبوو بلێن بودجەی سالآنی رابردوییان چۆن خەرج کرد, نەمانزانی بودجەی تازە چەندە و چۆن خەرج دەکرێت, هەر دوو حیزبەکە مژدەیان دا بە خەڵك کە پەیماننامەیەکی مێژوویان مۆر کردووە کە خێری هەر هەموو خەڵکی کوردستانی تێدایە بێئەوەی پێمانبلێن بەرنامەی سیاسی و ستراتیژی ئەوان چییە بۆ چارەنووسی کوردستان، لەمەڕ مەسەلەی (ژنان و مندالآن و گەنجان و پیر و پەککەوتە و ژینگەپارێزی و گۆڕینی سیستەمی پەروەردەیی و تەندروستی) چ پرۆگرام و فەلسەفەیەکی ڕۆشنیان هەیە، گەر هەر لە ئێستاکەوە ژمارەی ئەو کورسیانە ڕاگەیەندرا، گەر هەر حیزبە و دەیخوات ، ئیتر چ حیکمەتێکی تێدا ماوە فۆرم دابەش بکەن و خەڵکی بۆ بەردەم سندوقی دەنگدان هان بدەن و ناو لەو گەمەیە بنێن هەڵبژاردنی دیموکراسی.

هەڵبەت ئەو گەمەیە بێجگە لە ترس لە (دۆڕاندن و بردنەوە و لە دەستچوونی دەسەڵات و دەستکەوتەکان) هیچی دیکە نییە، ڕەنگە ترسێکی غەریزی بێت لە بەرپابوونی ململانێیەکی خوێناوی کە دەکرێت هەموو خەڵك بۆ یەکجاری و تا ئەبەد نائومێد بکەن، بەڵام دابەشکردنی

کورسییەکانی پەرلەمان بەر لە چوونە بەردەمی پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان، ڕەوا نیە وەك مافێکی سیاسی و مەدەنی و یاسایی لەو خەڵکە زەوت بکرێت. لە سادەترین پێناسەدا پڕۆپاگەندە و هەڵمەتی ڕاگەیاندن لەمەڕ هەڵبژاردن و دەنگدان هەوڵێکە بۆ قەناعەت پێکردنی خەڵکی بەوەی کە حیزب و هێزە جیاوازەکان بەرنامەی جیاوازیان هەیە سەبارەت بە چارەنووسی نەتەوەیی و خۆشگوزەرانی و ئازادی و مافە مەدەنیەکان، دوا جار بە گەڕانەوە بۆ فۆرم و نۆرمێکی ڕاستەقینە هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵ ساز و ئامادە دەکات کە لە بەردەم ئەو ململانێیەدا دەنگی خۆیان بەو لایەن و حیزبە ببەخشن کە وەڵامدەرەوەی خەون و خۆزگەکانی ئەو کەسانە (یان ئەو گروپ و چین و توێژە) بن، هەموو چەشنە ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندەیەك ڕەوایە بەو مەرجەی دوور بێت لە هەڕەشە و زەبر و زەنگ، کەسەکانی تەواو ئازادن لەوەی دەچنە بەردەم سندوقی دەنگدان یان بڕوایان بە پرۆسەی هەڵبژاردن نیە و ناچن.

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا هەر هێزە و کارنامەی خۆی دەخاتە بەردەم خەڵکی و بڕیاری دەنگدەرانیش لەسەر ئەو کارنامەیە مسۆگەر دەکرێت، لای ئێمە بە (بەرتیل و خێڵ و هۆز کڕین) دەستیپێکرد کە ئەوەشیان وا لە هەر کەسێکی هۆشمەند دەکات وەڕس و سەرسام بوەستێت و ڕابمێنێت کە ئاخۆ کۆمەڵگای کوردی تا کوێ نوقمە لە (ناعەقلانییەت) و کڕینی زیمەت و دەنگ و پشتکردنە هەموو بەهایەکی شارستانی و ئینساندۆستی ، ئێ خۆ بەعسیش هەر لە ڕێگەی هەڵڕشتنی پارە و پوول توانی هەزارەها جاش لە بەرامبەر پێشمەرگەدا قوت بکاتەوە، لەو کەسانەی کە لە ناو زانکۆکاندا

کار دەکەن و لەوانەشی کە لەسەر کێڵگەکان ئارەق دەڕێژن. ئەمڕۆ کە ڕۆژی ئەوەیە لە ڕووی ڕەوشت و ئینسانپەروەریەوە بپرسین: ئێمە کێین؟ من دڵنیام کە ئێمە هێشتا ناوێرین ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین، چونکە ئەوەندە سەرمەستیت بەو دەسەڵاتە لەق و لۆق و فشۆڵەی هەمانە کە بۆ یەك چرکەش بوارمان نەماوە بوەستین و بپرسین: ئێمە بەم عەقڵە شێواوە ڕووەو چ شێتخانەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەچین؟ من چاك دەزانم کە درێوترین کەس لەم واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ئەو کەسەیە کە ڕەخنە دەگرێت و نائومێدە، لەو کاتەی کە هەموو حیزب و هێزەکان وەکو نوقڵ (مژدە) دەبەخشنەوە، لەو هەموو ساڵانەی ڕابردوودا سیاسەتی کوردی لەسەر گەشبینییەکی بێمانا دەلەوەڕا و هەنووکەش هەر دەلەوەڕێت کە جگە لە ڕەشبینی و نائومێدی هیچی نەکرد بۆ کورد، بە خەڵك و خاکەوە ، ئەو گەشبینییە وایکرد کە هەر هەموو کورد لە ناو خۆیدا دابەش بێت و ڕقی لە یەکدی بێتەوە، گەشبینییەك کە خوێنی براکانی تێکەڵ کرد و بەڵام ڕۆحەکانی لە یەکدی دوور خستەوە، خەونەکانی بە "با"دا ، گەشبینییەك کە هەزارەها ژنی تا هەنووکەش ڕەش پۆش کردووە، گەشبینییەك کە سەردەمی ئیمارەتەکانی زیندوو کردەوە کە هەنووکە وەك واقعێکی نەگۆڕی لێهاتووە، نەك هەر لە سەرمایەدار و جەنگاوەرانی ناو حیزبەکان لە بەرامبەریدا بێدەنگن، بەڵکو یەك تابوور لە ڕۆشنبیرانی کورد بەسەر ئەو ئیماراتانەدا دابەش بوون، چ ڕۆشنبیرانی ناوەوە و چ ئەوانەشی کە لە تاراوگەن.

له بری خەونی دروستکردنی کوردستانی گەورە، هەموو خەونی کورد ئەوەیە کە حیزبەکان لە پای هەڵبژاردن و ئەنجامەکەی پەنجە لە خوێنی یەکدی وەرنەدەن، لەوە سەیرتر خەونی ڕووخانی دیواری (دێگەڵە) ببێت بە شاخەونی هەموو کورد.. !

نزیکبوونەوە لە هەڵبژاردن بەئاگاهێنانەوەی یادەوەریمانە سەبارەت بە مێژووی حیزبەکان و هەموو ئەو (خێر و شەڕ)ەی کە لە میانەی کارکردنیاندا بەسەر خەڵکیدا داهێنا, لە هەمان کاتدا بەدیهێنانی خەون و داوا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە, وەڵامدانەوەی حیزبەکانە بۆ هەر هەموو مافە ئینسانی و مەدەنیەکان, بە تەنها گەڕانەوە بۆ خوێنی شەهیدان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەدا مانایەکی گەورەی نابێت تاوەکو تۆ دەنگی من و دراوسێیەکم ببەیتەوە, حیکمەت لەوەدایە تۆ وەك حیزب چەندە بە وەفا و راستگۆ بوویت لەگەڵ خەونەکانی شەهیدەکانت و خوێنەکەیان, چەندە رێزت بۆ ئەو خەڵکە زیندووە هەیە کە لە دەوروبەری تۆدا دەژین, ئەو وەختەی ئەندامانی دەسترۆیشتوی ناو حیزبەکان دەیەها کۆشك و تەلار و ماشێن و دۆستی فریوخواردویان هەبێت و لەو لاوەش سەدەها گەڕەکی هەژارنشین و پڕ لە کەلاوە هەبن، دیارە ئەوسا قسەکردن لەسەر خوێنی شەهیدان جگە لە گریان و لاوانەوە لەسەر مردووەکان هیچی دیکە نابێت, نیازپاکی و بەڵێنی زەرد و سوور و دروشمی گەورە لە سیاسەتدا بیّ کردەوە گاڵتەکردنە بە هاوڵاتیانی خۆت, سۆز جوڵاندن و ختووکودانی هەست و نەستی خەڵکییە، سەرەڕای وەئاگاهێنانی لایەنی (ناعەقڵانیەت )ە کە ئەوەش لەگەڵ رۆحی سیاسەتدا ناگونجێت کە پایەکانی لەسەر

(عەقلانییەت) بەندە و بنەماکەشی مەعریفەیە بە خۆت و بە ژیان, نەك وەئاگاهێنانی سۆز و هەستی زۆر سەرەتایی (primitive) کە پتر لە وەئاگاهێنانی هەست و سۆزی ناو ( فەزای ئایینی ) دەچێت تاوەکو دواندنی (عەقلّ ).

ئەوەی کە هەر لە سەرەتاوە حیزبە کوردییەکان کردیان, دلّداری و گەمەکردنێکی زۆر سۆزداری بوو لەگەلّ خێلّەکاندا بەوەی کە ستایش دەکرێن کە رۆلّی جوامێرانەیان هەبوو لە خەباتی نەتەوایەتی, قسەکردنە لەگەلّ (رۆحی نێرینەیی) ناو خێلّ و وەئاگاهێنانەوەی سەرەتاییترین غەریزەی شکۆمەندی و پیاوەتی کە رەگوریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەلاوێردکردنی خێلّەکان لە یەکدی و دابەشکردنی شێوەو دەرکەوتە جیاکانی هەر خێلّێك لەوی دیکەیان, بە واتا جوامێری و مەردایەتی و پیاوەتی خێلّی ( هەمەوەند ) لە هی ( بلّباس ) و لە هی (هەرکی) ناچێت, ئەوەیان گەمەیەکی رەوشت نزم و نامرۆڤانەی "سەدام حسەین" بوو بە درێژایی سالانی جەنگی ئێران ـ عیراق کە حیزبەکانە ئێمە لەم هەلّبژاردنەدا کۆپی دەکەنەوە، ترسناکی ئەو چەشنە دلّداری و سۆزدارییە لەوەدایە کە سەرکردەکان بە بڕواوە بکەونە ناو ئەو گەمەیەی بۆ هەمیشە وەك ( ستراتیژ و تەکتیك ) بگەڕێنەوە ناوی, کە دوا جار چوونەوە ناو دونیایەکی پڕ لە ناعەقلانیەت و بێهۆشی سیاسیانەیە کە لەگەلّ ئەم چاخەدا یەکدی ناگرێتەوە, هەلّبژاردن نزیکبوونەوەیە لە فڕێدانی هەزارەها ( ژمارە و داتا ) کە هەر حیزبە و مەرجە بیخاتە بەردەستی خەلّکی و روون و ئاشکرا باس لە خزمەتگوزاری خۆی بکات لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و چۆنییەتی

خەرجی و پارە بەخشین بە کۆمەڵە و دەزگا جیاوازەکانی دەوڵەت لە پێناو گەشەکردنی پتری هەموو ئەو دامەزراوانەی خزمەت بە خەڵك دەکەن, ( ژمارە ) بۆ ئەوەیە بزانین دوێنێ چیمان کرد و بەیانی چی دەکەین, کەچی لای ئێمە کەس نازانێت قاسە چەندی تیا بووە و چۆن خەرج کراوە و بەیانی, ئەوەی کە ماوەتەوە یان دێت, چۆنچۆنی خەرج دەکرێت, هەفتەنامەی ( هاولاتی ) سالانە بودجە و خەرجی خۆی دەخاتە ڕوو, کەچی تا هەنووکە هیچ وەزارەت و دەزگایەك نەهاتووە راپۆرتی دارایی خۆی بخاتە بەر چاوی خەڵکی, لەوە دەچێت حیزب و حوکمڕان وەك بازرگانێك مامەڵە بکات کە دوا جار ئازادە لەوەی کەی دەست بۆ قاسەکەی دەبات و کەی دایدەخات , ئەندامانی پەرلەمانیش بە تەنها ئاگایان لە مووچەکەی خۆیانە و بێئاگان لە بودجە و خەرجی دەوڵەت , ئای کە (وەزیفە ناسکە..!)

هەموو ئەو نمونانەی سەرەوە بەشێکن لە گەمەی راگەیاندن و هەرای پڕۆپاگەندە, کە وەك وتمان بەشی ئێمە هەر دۆڕاندنی سۆز و مەیلە سەرەتایی و کێوییەکان ( primitive ) بووە, پرسی پڕۆپاگەندە و راگەیاندن و هەڵمەتی هەڵبژاردن ڕێزگرتن لەو خەڵکە, بە نێر و مێیەوە, بە چین و توێژی ئایینی جیاوازەوە, ڕێزگرتن لەوەی ئەوان چەندە ئازادن لەوەی لایەنگری بن یان بێلایەن, جەنگی هەڵبژاردنە لە نێوان پێشکەوتن و پاشکەفتن, لە نێوان قورسایی هێزە تاریکەکان و هێزە مژدەبەخشەکان لە مرۆکەدا هێز و گروپە کوردییەکان دەیانەوێت لە دڵدارییەکی بێ وێنەدا پێمان بڵێن کە بەرژەوەندی نەتەوایەتی وا دەخوازێت کە بەر لە چوونە ناو

هەڵبژاردن کورسییەکانی حوکم و دەسەڵات دابەش بکرێت, لە کاتێکدا هەر خۆیان ڕۆحی نەتەوەپەرستیان لەت و پەت کرد, لە کاتێکدا کە شار و گوندەکان لە سایەی سێبەری ئەو حیزبانەدا تا دێت دوور و دوورتر کەوتنەوە, نەك لەبەر ئەوەی بیر و بۆچوونیان لە یەکدی جیاوازە, نەك لەبەر ئەوەی خۆزگە و داواکان جیاوازن, بەڵکو جیاوازن لەوەی کە دەترسێن, ترسی ئەوەی کە گەر یەکێکیان هەڵبژاردنی بردەوە, گەمە ناعەقلانییەکانی وەها پەرە پێبدات کە بەرامبەرەکانی وەك هێز بخاتە پەراوێزەوە کۆی کۆمەڵگەی کوردی قووت بدات, ئەو ترسەش بە پێی خوێندنەوەی واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی گومانی لەسەر نییە، بەڵام ئەوەش دیسانەوە مانای ئیفلیجبوونی حیزبە کوردییەکانە کە نەیانتوانی چەند هەنگاوێك کۆمەڵی ئێمە لە عەقلانیەت و گەمەی دیموکراسی نزیك بخەنەوە, ئەوان سەرمەستی دەستەڵات و دەستکەوتەکان بوون پتر لەوەی نەخشەیەکیان هەبێت بۆ خولقاندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی, هەر لەبەر ئەوەشە کە کۆمەڵی کوردەواری لە بەردەم هەموو ئەگەرەکان هەر هەموو گەمەکان بێدەسەلات وخامۆش وچاوەڕێیە بێئەوەی بە کردەوە ناڕەزایەتییەك دەرببڕێت،
حیزبەکانیش دەرکیان بەم دۆخە نالەبارە کردووە, بۆیە هەر خۆیان ئاغای هەموو گەمەکانن، شەرم لە هیچ گەمەیەکیش ناکەن هەر چەندە ناشارستانی ناشیرین بێت.
زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و غەزەتەی حیزبەکانیش تەنها کاریان ڕازاندنەوەی ئەو بڕیارەیە کە حیزب دەریان دەکات، هەر کەسێکیش لە

دەرەوەی ئەو بازنە بەر تەسکەی حیزب بیر و ڕایەکی جیاوازی هەبێت گێرەشێوێنە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنانە بە دەست حیزبەکانەوەن و هەر لەو کەناڵاناوە پڕۆپاگەندە دەکەن کە هەڵبژاردن پڕۆسەیەکی دیموکراسییە و دەنگدان کارێکی پیرۆزە، بەڵام بێئەوەی پێمانبڵێت بۆچی دەنگیان بۆ بدەین؟ چییان بۆ کردین؟ چیمان بۆ دەکەن؟ دەکرێت بۆ حیزبەکان نەتەوەپەرستی و نیشتمانپەروەری بە هەر هەموومان بڵێنەوە، بەڵام ئەگەر حیزبەکان لە دەرسی یەکەمی نیشتمانپەروەریدا کەوتبن و شەڕی یەکدی کوشتن و لەتکردنی کوردستانیان کردبێتە دیاری، ئەگەر ئەو خەڵك و خوایە گومانیان هەبێت ڕەوایە یا خیانەتە؟ ئایا ئەو حیزبانە مێژوو دەخوێننەوە؟ ئایا ئەوان ئاگایان لەوەیە کە زۆربەی خەڵکی ڕوسیا لە ساڵی (1917) تاقەتیان چوو لەوەی نیشتمانپەروەر بن، زۆربەی خەڵکی ئەڵمانیا لە ساڵی (1918 )دا وەڕس بوون لە بانگەشەی نیشتمانپەروەری, هەر هەموو خەڵکی ئەوروپای رۆژهەڵات بێزیان لە حیزبە دەستەڵاتدارەکانی خۆیان دەکردەوە چونکە بە ناوی بەهەشتەوە دۆزەخیان بۆ گەرم کردن, لە ( 1989) دا بوو کە ئەو شەوەی تەلەفزیۆن کۆشکە خۆشەکەی ( جۆزێف هونیکەر ) ی لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات پیشانی خەڵکی دا بە هەزارەها کەس رژانە سەر جادەکان و دارو بەردیان بەسەر یەکدیدا ڕماند، ئەو کۆشکە قەشەنگەی ( هۆنیکەر )کە لە خۆشیدا شانی لە شانی کۆشکی ( ڤێرسای ) دەدا, لە و کاتەی خەڵکی بەشمەینەتی ( ئەڵمان ) بۆ سەلکە پەنیرێك بە سەعات لە ڕیزدا دەوەستا، هەموو بانگەشە و دروشمەکان

هەڵدەوەشێنەوە ئەو کاتەی کە خەڵکی دەبینن ژیان و گوزەرانی دەستەلآتداران بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی رەشۆکی و عەوام ئاسمان و ڕێسمانی بەینە, ئێستا ئەم دۆخە لە کوردستان پێویستی بە قسە نییەو ئاشکرایە, نیشتمانپەروەری بە تەنها سرووديك و چەند دروشمێك و ئینشایەك نییە کە لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە دەگات بە ئێمە, بەڵکو پەیوەستە بە کرۆکی ژیانی ئەو خەڵکەوە, پڕۆپاگەندەی حیزبی و کۆکردنەوەی دەنگی خەڵکی وەك مافێك رەوایە، بەلآم دەبێت حیزب بزانێت کە تاوەکو کەی دەتوانێت دروشمی گەورە بەرز بکاتەوە, بەڵێنی ئازادی و خۆشگوزەرانی بە خەڵکی بدات؟

رۆژێك دێت کە نەتەوەپەرست و نیشتمانپەرەری لەسەر زمانی حیزب دەبێت بەو نوکتەیەی کە کەس ناخاتە سەر کەڵکەڵەی پێکەنین, گەر بڵێم ئێستا وای لێهاتووە ناهەقیم نەکردوو. ئەوانەی کە سیاسەت دەکەن دەبێ بێئاگا نەبن لەوەی کە قسەکردن لەسەر بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەپەرستی مانای فەرامۆشکردنی مەیل و خۆزگەکانی تاکەکانی ناو ئەو خەڵك و نەتەوەیە نییە, چونکە لە رووی رۆحییەوە هەر کەسێك, چ نێر بێ و چ مێ, خۆشبەختی خۆی بە مەزنترین و پیرۆزترین ئاوات دەزانێت, دوای ئەوە هی ئەندامانی خێزانەکەی, ئەوجا دێتە سەر هۆز و نەتەوە و حیزبەکەی یان هی ئەو گروپ و کۆمەڵەی ئەو کەسە تیایدا ئەندامە, ئەویش بە مەرجێك دژ بە خێر و بەرژەوەندی ئەو نەوەستنەوە, مرۆڤ پتر خۆی بەو ئامانج و ئاواتانەوە دەبەستێتەوە کە لەگەڵ هەر هەموو ئەوانی دیکەدا بەشدارە و لێیان بەهرەمەندە, دیارە هەندێك لەو ئامانجانە رەسەنن و

هەندێکیان فریودەرو تەمومژاوی, هەر حیزبێکی سیاسی گەرچی لە ڕاستیدا نوێنەری هەندێك لە گروپ و چین و توێژی کۆمەڵگە بێت, خزمەت بە لایەنێکی دیاریکراو بکات, بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدات کە وای بنوێنێت کە وەدیهێنەرێکی خەون و خۆزگەی هەر هەموو کۆمەڵگایە, گەر توانی لە ڕێی گفتوگۆو دروشم و بەرز کردنەوەی دەیەها پەیمان و بەڵێن هەر هەموو خەڵکی رازی بکات, چاکە.. بەڵام گەر بۆی نەکرا, دواندنی سۆز و غەریزە سەرەتاییەکان و پەنابردنە بەر هەموو شێوازێکی ناعەقلانی و هەتا غەیبانی دەبن بە چەکی دەستی, دۆڕاندنی پەیام و بەها پیرۆزەکان کە خزمەت بە مرۆڤ بکات وا دەکات کە حیزب پتر روو لەو گەمە ناعەقلانییە بکات کە هێشتا کۆمەڵگا لە سەری دەژی و دەلەوەڕێت, هەر لێرەدایە کە حیزب مەنتقی گفتوگۆ و ململانێی شارستانی و عەقلانی لە دەست دەدات، هاوکات حیزب وەك دەستەڵات و هێز ناتوانێت ئازایانە دان بە (رۆحی خۆپەرستانە)ی خۆیدا بنێت و هەر بەردەوام دەبێت لەسەر ئەوەی کە ئەوە حیزبە بەرگری لە بەرژەوەندی هەر هەموو خەڵکی دەکات و هێشتا سوورە لەسەر ئەوەی شۆڕش دەکات، رەنجدەران و هەژاران و جووتیاران و کرێکارانی لە یاد نەکردووە, جێی داخە کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆ پتر لە (70) حەفتا ساڵ بانگەشەیەکی وای کرد و کەچی دوای روخانی بلۆکی بە ناو سۆشیالیزم تیاترۆخانەکانی ئاوروپا و ئاسیا و ئەمریکا پڕ بوون لە ژن و کچە نەگبەتەکانی روسیا و ئۆکرانیا و جۆرجیا و چیك و پۆلۆنیا و رۆمانیا و هەنگاریا..هتد.

کەواتە ڕاگەیاندن و بانگەشەی هەر گروپ و حیزبێك بەوە دەنازێت کە بەرژەوەندییەکانی کۆی کۆمەڵگا بە بەرژەوەندی خۆی دەزانێت و ناکرێت بە تەنها تیۆرە و قسە بێت, بەڵکو مەرجە لە ڕووی پڕاکتیکییەوە ئەو بانگەشەیە بکات بە کردەوە و بەرنامە, گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کۆنی (فەرەنسا) و (روسیا) لە دوو قۆناغی جیاوازدا کە دەکرێت هاوشێوەی دۆخێکی رامیاری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا , تا ڕادەیەك لەو باردۆخەی فەرەنسا و رووسیا بچێت , کە تیایدا ئەرستۆکرات و خواپێداو و دەستەلاّتدارانی ( فەرەنسا ) لە ساڵی (1789) دا و لەگەڵ زۆربەی چینی سەرەوە و ئەرستۆکراتەکانی ( رووسیا ) لە ساڵی (1917) کەوتنە گومان لەوەی کە ئەو هەموو ماف و خێر و خۆشیەی ئەوان ناکاتە ماف و خێر و خۆشی هەموو گەل, گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ناکرێت پاساو بۆ ئەو هەموو ناز و نیعمەتە بێنینەوە, هەر ئەو گومانە وایکرد کە هەر دوو شۆڕشی (فەرنسی) و (رووسی) دووچاری هەزار و یەك کێشە و گرفتی رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ببنەوە, جیاوازی ئێمە و ئەوان ئەوەیە کە ( دەستەڵاتی کوردی بە بەرجەستە لە حیزبە کوردییەکاندا ) ئەو گومانە ئەخلاقی و ئینسانییەی نییە لە دوای ڕاپەڕینەوە کە ساڵ بە دوای ساڵدا پتر لەو زەلکاوەی گەندەڵیدا  ون دەبێت , تا کەی وادەبێت ؟ نازانین ..گەر کەسێك بیەوێت بپرسێت ئایا لەم بارودۆخەدا کورد چینی وا تێر و سەردەستە و ئەرستۆکراتی تێدا هەیە؟ ئایا حیزب لەوەدا رۆڵی چیە ؟ وەڵامەکە لای هەمووان ئاسانە: لە بێوەژنێکی خانووە قوڕەکانەوە بیگرە تا دەگات بە قوتابییەکی زانکۆ و چەرچی و رەش و رووتی ئەو میللەتە

دەزانن بە یارمەتی حیزبەکان و ئەندامە دەسترۆیشتوەکانیان چینێکی وەها تێر و تەسەل پەیدا بووە کە لەسەر سفرە خاڵییەکانی ئێمەدا دەڕشێنەوە, چینێکی وەها دەستەڵاتدار و مشەخۆر و بەرخۆر کە نەك بواریان نەماوە گومان لە خۆیان بکەن وەك ( ئەرستۆکراتی فەرەنسی و رووسی ), بەڵکو ئامادە نین کەس هەبێت لەم وڵاتەدا گومان لە یەك رۆژی بوون و ژیان و زیندەگی و رەوشتیان بکات, ئەوەی گومان لەوان دەکات خیانەتکارە و لە برسان مردووە, بەغالەت کووشتویەتی و..لە مانا تازەکانی شۆڕش تێناگات کە بە کردنەوەی حیسابی ملێونەها دۆلار کۆتایی هات لە بانقەکانی تورکیا و ئەوروپا و ئەمریکا و ئاسیا.

من پێم وایە هەر ئەو شکستە رۆحی و مۆراڵی و دۆڕاندنی دروشمەکانی شۆڕشە کە دوا جار وا  لە حیزبی کوردی دەکات پەنا بباتە بەر دوا تەکتیکی پروپاگەندەی هەست و سۆزبزوێن و دورکەوتنەوە لە ( زمانی ژمارە ) لە بواری هەموو شێوەکانی خزمەتگوزاری کە زمانی ئەم سەردەمە و ئەمڕۆکەیە, پروپاگەندەی سۆزبزوێن, دەکرێت هەندێك جار خێری تێدا بێت, وەك مەرام و ئاکام, بەڵام لە نێو فەزای قسەکردن لەسەر هەڵبژاردن و گەمەی دیموکراسییەت و بەم چەشنە شەڕی لە خێری پتر دەبێت، تەنها پاساوێك لەم بارودۆخەدا کە وای کرد یەکێتی و پارتی کورسییەکانی دەستەڵات دابەش بکەن وەڵامدانەوە بە ترسی غەریزی خۆیان و ژمارەیەکی زۆری خەڵك سەر لە نوێ هەڵگیرساندنەوەی شەڕی براکوژی, جگە لەوەش بە یەك لیست دابەزین لە بەردەم دەستەڵاتدارانی شۆڤێنی پان عەرەبیزمی عێراقی, بە هەر دوو باڵە (مەزهەبپەرست و

نەتەوەپەرستەکەی پاساوی دووهەمە)، بەڵام لە هەمان کاتدا شاردنەوەی شەرمە لە دۆڕان و ترسە لە دەستچوونی ناز و نیعمەتەکانی دەسەڵات، کەچی لە هەموو دونیادا گەمەی هەڵبژاردن زاڵبوونی عەقڵ و عەقڵانییەتە بەسەر ئەو هەموو سۆز و هەست و ترس و شەرمەدا، گەڕاندنەوەی ڕێزە بۆ ئازادی تاکە کەسەکانی ناو کۆمەڵ، بۆ هۆشیاری، بۆ دادگاییەکی شارستانیانەی دەسەڵاتدارەکان لەپای ئەو بەڵێنانەی دایان و کەچی جێبەجێ نەکران، کەچی لای ئێمە پڕۆپاگەندە بووەتە "خوتبە" خوێندنەوە و دابەشکردنی جوامێری بەسەر خێڵەکاندا، گەرچی هەمووشمان دەزانین کەم خێڵ و هۆز و بنەماڵە هەیە لە ناو ئێمەدا هەم پێشمەرگەی تێدا نەبووبێت و هەم جاش، کەچی لە چاوتروکانێکدا هەر هەموو ئەندامانی خێڵ و تایەفەکان دەبنە جوامێر و حیزبی و پێشمەرگە. سەرکردەش توانی (جوامێری و خەباتی نەتەوایەتی هەر یەك لە خێڵەکان بە جیا بنرخێنێت)، هەر بە هەمان شێوەش جوامێری مامۆستایان و پزیشکەکان و ئەندازیاران و فەرمانبەران بەرز و بە نرخ ڕاگیران ، کەواتە ئێمە لە (جۆری جوامێری) لە یەك ناچین ، ئەوەشیان دیسانەوە هەر دەسەڵاتدارانی کوردی دەستنیشانی دەکەن کە دوا جار بە چەپڵە کوتان کۆتایی دێت و هەر هەمووشمان بە یەکدی شاد و شوکور دەبینەوە، دیوەخان و بارەگا لە خێڵێك و سەندیکایەك چۆڵ دەبن تاوەکو خێڵێکی دیکە و سەندیکایەکی دیکە جێگایان بگرنەوە و هەر یەکەیان پشکی خۆی لە پیاوەتی و جوامێری دەست بکەوێت کە دیارە ئەوەیان گەمەیەکی زۆر ناعەقڵانییە، گەمەی عەقڵانی بە پڕۆپاگەندەو (زمانی ژمارە) و وتنی

ڕاستییەکان دەڕوات بەڕێوە، نەبوونی یەك وتاری یەکگرتوو لە ڕێی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانەوە کە پەخش بکرێت لە باری سیاسییەوە زیانی زۆری گەیاندووە.

دەکرا هەر هەمووممان بە حوکمی عەقڵ تاووتوێی ئەم دۆخە بکەین و بڕیاری خۆمان بدەین، ئەوەی یەکەمیان گەڕانەوەیە بۆ دواوە و خێڵپەرستی، کە ڕۆحی نەتەوە لەتوپەت دەکات، لە ئاکامدا مەترسیدارە بۆ رۆحی شارستانیانەی هەر میللەتێك، ئەوەی دووەمیان زمانێکی تازە و ساغ و پاکتر و سازاندنی گفتوگۆیە لەگەڵ هەموو نەتەوە، ئەوەی یەکەمیان زمانێکی سادەیەو وا دەزانێت هەموو عەقڵەکان سادەن و کەسەکانی ناو خێڵ و سەندیکاکان ساویلکە و کاڵفام ، ئەوەی دووەمیان زمانێکی ئاشکرا و ڕوون و ڕاستەوخۆیە کە دوا جار ڕێزگرتنە لە هۆشمەندی و توانای شرۆڤە و لێکدانەوە و بڕیاردان و لە یەکدی جیانەکردنەوەی ڕۆحە پەرت و تاریکیەکان، ئەوەی یەکەمیان درۆکردنە لەگەڵ خۆمان و بەرامبەرەکەمان، ئەوەی دووەم ڕەواندنەوەی ترس و درکاندنی هەقیقەت و ڕاستگۆییە، ئەوەی یەکەم وامان لێدەکات دوژمن و دردۆنگ و بە گومان بین لە یەکدی ، دووەمیان جۆرێکە لە یەکخستنەوەی ڕۆحە پەرتەکان و چەشنێك لە دڵنیایی.

لە بری خێڵ کۆکردنەوە و بەرتیلدان جوانتر دەبوو سەرکردەکانی کورد لە ناو زانکۆکاندا چەشنێك لە دەمەتەقێ و گفتوگۆی زیندوویان لەگەڵ قوتابیان و نەوەی نوێ ساز بکردایەو بیانزانیایە ئەو نەوە تازەیە چی لەوان دەوێت, لە بری گیرفان گەرمکردنەوەی ئەندامانی هۆز و بنەماڵەکان,

کەللەو دڵی نەوەی تازەیان گەرم بکردایە, رووبەروبوونەوەیەکی وا

رووخسارێکی شارستانی پێدەبەخشێت, بۆ دەبێت (خاتەمی) بیر لەوە

بکاتەوە, کەچی سەرکردەکانی کورد دیمەنێکی وا شارستانی فەرامۆش

بکەن, دەبوو لاوەکان , بە کچ و کوڕەوە, گوێیان لە بیر و ڕای جیاوازی

سەرکردەکان و سیاسەتکارەکان بگرتایە تا بزانن چ پڕۆژەیەکی نەتەوەیی

و شارستانیان بۆ ئایندە لە هەگبەدایە, ئەمەیان هەنگاوێك و

خۆئامادەکردنێکی سەرەتا دەبوو لە بەشداری و کۆمەك کردن بە

دیموکراسی, لە پاڵ دواندنی خەمی منداڵان و ژنان و پیر و پەککەوتەکان،

چاکسازی لە بواری پەروەردە و تەندروستیدا , کەواتە پرۆپاگەندە, مەرجە

جۆراو جۆر بێت, شارستانی و راستەوخۆ و پڕ بێت لە ژمارەی ڕاست و

دادگاییکردنی هەر هەموو لایەك و وازهێنان لە خۆپەرستی,

تاقیکردنەوەیەکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە بەرامبەر دۆست و

دوژمندا, خوێندنەوەی هێزە تەبا و ناکۆکەکانی ناو خەڵکی خۆمانە,

ئەوەش دوا ئامانجی جۆرێك لە چاودێریکردنی خۆمانە لە بەردەم خۆماندا،

بە دیارخستنی شکست و سەرکەوتنەکانە, جوانی و دزێوی, کەماڵ و

نەنگیمان.

لە دونیای ڕامیاریدا بە تەنها زانیاری و ژمارەی راست ( data) وا دەکات

کە هەر یەکێك لە ئێمە بگاتە دوا بڕیاری مەنتقی لەمەڕ هەر چارەنووسێکی

سیاسی, بە هەڵبژاردنیشەوە، بۆ ئەوەش دەبێت دوور بکەوینەوە لە

خۆشەویستی و سۆز و لایەنگری درۆزنانەو ریاکارانە و خەڵك و خێڵ

فریودان , سیاسەت پرۆسەی (خەواندنی موگناتیسی / التنویم المغناتیسی

) نییه, بەڵکو ڕابوون و وەئاگاهێنانەوە و رۆحی هۆشیاری و ڕۆشنکەرەوەی عەقڵەکانە, رەنگە گەمەی وەدەستهێنانی دەستەڵات گران نەبێت, بەڵام بەکارهێنانی زۆر ترسناك و خراپ دەکەوێتەوە گەر بوو بە ئامراز و پردێك بۆ تێرکردنی مەیل و حەز و بەرژەوەندییە زاتییەکانی چەند دەستەڵاتدارێك, کارێکی وا لە ئاکامدا دەبێتە مایەی رسوابوون و دۆڕانێك کە بە چەندین قۆناغ و وێستگەدا تێدەپەڕێت تا دوا جار بە رووخان و داتەپین کۆتایی دێت, شکسپر وتویەتی : حیکمەت لەوەدا نییە پادشا بیت بەڵکو لەوەدایە کە دادپەروەر بیت.. ئەی ( سیاسەت ) ئەوا من وتم : تۆ بە شایەت بە..!